# زمانی دایک
)نۆڤلێت(

ئاگۆتا کریستۆف
وەرگێڕانی بۆ  فارسی: چەنگیز پەهلەوان
و. لەفارسییەوە: کەریم سۆفی
پێداچوونەوەی خەبات ڕەسوولی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: زمانی دایک
وەرگێڕانی: کەریم سۆفی
پیتچنین: نەورۆز جەمال
نەخشەسازی: ئاسۆ
چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری
ژمارەی سپاردن: (2403) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان دراوەتێ.

*مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە
*ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www. kurdchap. com

بەر لە خوێندنەوە

وەرگێری فارسی ئەم نۆڤلێتە چەنگیز پەهلەوان لە بارەی ئەم وەرگێڕانەوە دەڵێت: (ناوی دروستی نۆڤلێتە کە بەزمانی فەرەنسی (نەخوێندەوار) بوو، بەڵام بەڕای خۆم ناوو نیشانی (زبان مادری)م بۆ

خوێنەری فارسی زمان پێ شیاوتر بوو، بۆیە ئەمەم هەڵبژارد، هەروەها دەڵێت : لەو ماوە کورتەی کە لە ئەستەنبۆل نیشتەجی بووم، نۆڤلێتەکەم لە مانگی مایسی 2006 لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی.

*منیش هەر ئەم ناوونیشانەم پێ باش بوو، بۆیە کردمە (زمانی دایک.(
ک سۆفی

سەرەتا

دەخوێنمەوە، نەخۆشی خوێندنەوەم هەیە، هەرچییەکم بکەوێتە بەردەست، بەرچاو دەیخوێنمەوە: ڕۆژنامە، کتێبی قوتابخانە، ئاگاداری، پەڕە کاغەزی فڕێدراوی سەر شەقامان،کتێبی چێشت لێنان، کتێبی منداڵان...... هەرچی چاپ کرا بێت....

تەمەنم چوار ساڵە، جەنگ تازە دەستی پێ کردووە، لەو کاتەدا لە گوندێکی بچووک دەژیم کە نەوێستگەی شەمەندەفەری هەیە نەکارەبا نە ئاوی بۆڕیء نەتەلەفۆن. باوکم تاکە مامۆستای گوندە. بە تەنیا وانەکانی هەر شەش پۆل (لە پۆلی یەکەمەوە تا شەشەم) لە یەک ژووردا دەڵێتەوە. ماوەی نێوان قوتابخانەوە ماڵی ئێمە، گۆڕەپانێکی وەرزشییەو پەنجەرەکانیشی دەڕواننە باغچەء شینایییەکەی دایکم. کاتێ بە چوار پەلان خۆم دەگەیەنمە دوا پەنجەرەی سەرەوەی تەلارە گەورەکە.لەوێوە

تەواوی ناو پۆلەکە دەبینم. باوکم کە لە بەر دەم قوتابیان ڕاوەستاوەء لە سەر تەختە ڕەشەکە دەنووسێت. ژووری وانە گوتنەوەی باوکم بۆنی گەچ، مەرەکەب، کاغەز، ئارامی، بێدەنگیء بەفری لێ دێت، تەنانەت لە کەشی هاوینیشدا.

لە چێشتخانە گەورەکەی دایکم، بۆنی گۆشتی چاک کراو، گۆشتاو ، شیر، موڕەبا، نان، جلوبەرگی تەڕ، میزی منداڵ، هەڵبەزودابەز، دەنگء هەرا، گەرمایی هاوین تەنانەت لە زستانیشدا هەستی پێ دەکرا.

کاتێک کەشو هەوا ڕێگە نادات لە دەرەوەی ماڵ یاری بکەین، کاتێک منداڵ لە ڕادەبەدەر هاوار دەکات، کاتێک خۆمء براکەم لە چێشتخانەکە تێکهەڵلاییء شەڕ دەکەین، دایکم بۆ تەنبآ کردن، ڕەوانەی لای باوکمان دەکات.

لەماڵ دەردەچین، براکەم لە بەردەم عەنباری پڕ لە دار دەوەستێت.

-وا باشترە لێرە بمێنمەوە، دار دەشکێنم
-بەڵێ دایکمان خۆشحاڵ دەبێت.

له حەوشە تێدەپەڕم، دەچمە ژووره گەورەکەی وانه وتنەوە. لە بەر دەرگا کە دەوەستم
چاو دەبڕمە زەوی، باوکم دەڵێت:
-وەره پێشەوە؟
-دەچمە پێش، هێدی بەبنا گوێی دەچرپێنم: تەنبآ کردن....دایکم...
-چی تر؟
لێم دەپرسێت (چی تر؟) چونکه هەندێ جار دایکم نووسراوێکم پێ دەدات کە دەبێت بەکرێء بێ ورتەکردن بیدەمە دەست باوکم، یان دەبێت تەنیا یەک وشە بڵێم: (پزیشک، بەپەلە..) یان هەندێ جاری تر تەنیا یەک ژماره(38، یان 40)... تاد ئەوانە هەموویان پەیوەندییان بە منداڵەکەوە هەیە، کە بەردەوام نەخۆشی منداڵانەی هەیە! بە باوکم دەڵێم:
-نەخێر.... هیچی تر نا. کتێبێکی وێنەدارم پێ دەدات:
بڕۆ دانیشە؟
-دەچمە کۆتایی پۆلەکە، ئەو شوێنەی کە هەمیشە لە پشت قوتابییە باڵا  بەرزەکانەوە جێگەی بەتاڵ

دەست دەکەوێت. بەم جۆرە هەر بە منداڵی، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم تەواو بەرێکەوت تووشی نەخۆشی بێ دەرمانی خوێندنەوە دەبم، ئەو کاتەی سەردانی باپیرەء داپیرەم دەکەین لە گوندەکەی نزیکمان کە لە خانوویەک دەژین ئاوو کارەبای هەیە، باپیرەم دەستم دەگرێتء پێکەوە سەردانی هاوسێکان دەکەین. باپیرەم ڕۆژنامەیەک لە گیرفانی گەورەی پاڵتۆکەی دەردەهێنێتء ڕوو لە هاوسێکان دەڵێت: تەماشا بکەن، گوێ بگرن! بەمنیش دەڵێت: بخوێنەوە؟ منیش بەو خێراییەی کەلێم چاوەڕوان دەکرێت، ڕەوانء بآ هەڵە دەخوێنمەوە! جگە لەو لووت بەرزییەی باوە گەورە، نەخۆشی خوێندنەوەکەم، سەر زەنشتء بەکەم سەیر کردنم زیاتر بۆ دێنێت!...

-ئەم کچە هیچ ئیشێک ناکات، هەموو کاتێک هەر دەخوێنێتەوە.

-ئەم کچە هیچ ئیشی تر نازانێت!

-ئەمەش بێ کەڵکترین کاری مومکینە!

-ئەمە تەنبەڵییە....!بە تایبەتی ئەو هەر دەخوێنێتەوە.... لە جیاتی ئەوەی کە.... لەجیاتی ئەوەی کە... چی؟

-ئەو هەموو کارە بە سوودە هەیە، مەگەر وانییە؟

لە گەڵ ئەوەشدا، بەیانیان، وەختێ ماڵ چۆڵەء هەموو دراوسێیەکانمان چوونەتە کار، بەویژدانێکی نارەحەتەوە لە سەر مێزەکەی چیشتخانە چەندین کاتژمێر ڕۆژنامە دەخوێنمەوە، لە جیاتی ئەوەی کە.... ئیشء کاری ماڵ ڕاپەڕێنم، یان قاپ و قاچاغەکانی دوێنی شەو بشۆم! شت بکڕم، جل و بەرگەکان بشۆم ئوتوویان بکەم. مورەبا، یان شیرینییەک ئامادەبکەم.. ئەمانە هەمووی بە تایبەتی... لە جیاتی ئەوەی کە بنووسم.

لەگوتنەوە تا نووسین
هەر لە منداڵییەوە حەز دەکەم چیرۆک بڵێم، ئەو چیرۆکانەی کە خۆم دامناون. جارو بار دایە گەورە لە شارەوە دێتە سەر دانمان تا یارمەتی دایکم بدات، شەوان دایە گەورە دەمانخەوێنێ، بۆ ئەوەی خەومان لێ بکەوێت، زۆر چیرۆکان دەگێڕێتەوە لەوانەی کە سەدان جار گوێمان لێ بوونە. لە سەر قەرەوێڵەکەم هەڵدەستمەوەء بە دایە گەورە دەڵێم:
-من چیرۆکان دەڵێم... نەک تۆ!
-لە سەر کۆشی خۆیم دادەنێء ڕامدە هەژێنێء دەڵێ:
-بڵێ...... باشە تۆ بڵێ....
ڕستەیەک دەپەڕێنم..گرنگ نییە کە چی بێت... پاشان هەموو شتەکانی تری بە دوا دا دێت، چەندین کەسایەتی دەردەکەون، دەمرن، یان بزر دەبن، کەسایەتی باشء خراپ، هەژارو دەوڵەمەند، براوەو

دۆڕاو، ئەم کارە هیچ وەختێک کۆتایی نییە، لە کۆشی دایە گەورە دەکەمە بلمەبلم....

-باشە دوایی...باشە دوایی...؟

-دایە گەورە لە نێو قەرەویڵەی ڕۆخدار دەمخەوێنێ، فتیلەی چرا نەوتییەکەی کز دەکاتء دەچێتە چێشتخانە، براکانم نووستوون، منیش دەخەوم، لە خەوتنیشدا چیرۆکەکە هەر بەردەوام دەبێت، جوانء ترسێنەر. لە هەموویان زێتر حەزدەکەم چیرۆک بۆ تیلای برا بچووکم بڵێم، ئەو زێدە ئازیزی دایکمانە. سێ ساڵ لە من بچووکترە، بۆیە هەرچییەکی پێ بڵێم بڕوا دەکات. بۆ نموونە دەیبەمە سووچێکی باغچەو پێی دەڵێم:

ـ دەتەوێت نهێنییەکت بۆ ئاشکرا بکەم؟

*نهێنی چی؟

ـ نهێنی لە دایک بوونت!

*خۆ لە دایکبوونی من هیچ نهێنییەکی تێدا نییە!

ـ بەڵێ، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەمەت پێ دەڵێم کە سوێند بخۆیت لە لای هیچ کەس باسی نەکەیت!

*سوێند دەخۆم.

ـ باشه، چیرۆکەکە بەم جۆرەیە: تۆ منداڵێکی دۆزراوەی! تۆ لە خانەوادەی ئێمە نیت! تۆیان لە چۆلاییەکی لا بەلا دۆزیوەتەوە، بە تەواوی ڕووت بووی !

*تیلا دەڵێت: ئەمە درۆیە!

ـ دایکمء باوکم پاشان ئەوەت پێ دەڵێن کاتێ کە گەورە دەبیت، نازانیت لە چ حاڵەتێکی بەزەیی پێدا هاتنەوەدا بوویت! بە تەواوی لاوازو ڕووت. تیلا دەست بە گریان دەکات! دەیگرمە باوەش: مەگری تۆم بە قەد برای حەقی خۆم خۆش دەوێت!

*بە قەد یانو؟

ـ تا ڕادەیەک.....پاشان یانو برای حەقی منە!

*تیلا دەکەوێتە بیرکردنەوە، بەڵام ئەدی بۆ چ ناوی خانەوادەی من هەمان ناوی خانەوادەی ئێوەی هەیە؟ ئەدی بۆچ دایکە منی لە هەر دووکتان خۆشتر دەوێت؟ ئێوە بەردەوام تەنبآ دەکرێن، تۆو یانو! بەڵام من قەت....

ـ بۆی ڕوون دەکەمەوە: تۆ هەمان ناوی خانەوادەی ئێمەت هەیە! چونکە بەڕەسمی تۆیان کردووەتە منداڵی خۆیان. بۆیە ئەگەر دایکیشم لەگەڵ تۆ بە

سۆزترە نەک لەگەڵ ئێمە، لە بەر ئەوەیە کە دەیەوێت نیشان بدات کە لە نێوان تۆء منداڵە حەقەکانیدا جیاوازی ناکات.
*من منداڵی حەقی ئەوم! تیلا دەقیژێنێء بەرەو ماڵ ڕادەکات. دایە .........دایە!
ـ بە دوای ڕادەکەم: تۆ سوێندت خوارد هیچ شتێک نەڵێیت. من تەنیا گاڵتەیەکەم کرد، بەڵام زۆر درەنگ بووە.
تیلا دەچێتە ناو چێشتخانە، خۆی بە باوەشی دایکە دا دەدات:
*پێم بڵێ من کوڕی تۆم، کوڕی حەقی تۆ! تۆش دایکی حەقی منی؟
ـ هەڵبەتە لە سەر ئەو قسە قۆڕانەی کە کردوومە، تەنبآ دەکرێم، لە سەر گونییەی گەنمەشای چۆک دادەدەم کە لە گۆشەیەکی ژوورەکە ڕاخراوە. پاشان یانو دێت بە خۆو بە گونییەیەکی تری گەنمە شامی لە نزیک منەوە لە سەر زەوی چۆک دادەدات.
لێی دەپرسم: تۆ لە سەر چی تەنبآ کراوی؟

نازانم! من تەنیا وەکو لاواندنەوە دەستم بەسەری تیلا داهێناو پێم وت: حەرامزادەی بچووک خۆشم دەوێی!
پێدەکەنین، بەڵام دەزانم کە ئەو لە بەر هاو دەنگی منەوە بە ئەنقەست ئەو ئیشەی کردووە تا تەنبآ بکرێت، چونکی بەبێ من هەڵناکاتء بێ تاقەت دەبێت.
- دیسان چیرۆکگەلی گەوجانەی تر بۆ تیلا دەڵێم،هەمان شتیش لە گەڵ یانو تاقی دەکەمەوە، بەڵام بڕوا ناکات! چونکە ساڵێک لە من گەورەترە پێویست بوون بە نووسین، درەنگتر سەر هەڵدەدات. ئەو کاتەی کە قۆناغی زێڕینی منداڵی تێدەپەڕێت، ئەو کاتەی ڕۆژە خراپەکان دێنء ساڵانێک دێت کە بەم جۆرە بیریان لێ دەکەمەوە ((ئەوانم خۆش ناوێت)) ئەو کاتەی کە جیا لە دایکء باوکمء براکانم، لە شارێکی نەناسیاودا دەچمە قوتابخانەی شەوانە ڕۆژی(*)ء لەوێ بۆ بەرگە گرتنی خەمی لێک دابڕانء جودایی جگە لە (نووسین) چارەیەکی ترم نییە!

*شەوانە ڕۆژی (شبانە روزی): قوتابخانەیەکی 24 کاتژمێرییەکە لەودا قوتابی هاوکات دەرس دەخوێنیء لە ناو بەشە ناوخۆیی قوتابخانەکەشدا ژیان بەسەر دەبات.
شیعر
کاتێ دەچمە شەوانە ڕۆژی تەمەنم چواردە ساڵە، یانوی برام ساڵێک پێشتر چووبووە شەوانە ڕۆژی، بەڵام (تیلا) هێشتا هەر لە لای دایکمە. ئێرە شەوانە ڕۆژی کچە جاحێڵانی دەوڵەمەند نییە، بەپێچەوانەوە شتێکە لە نێوان سەربازگەو دێردا، لە نێوان خانەی هەتیوانء خانەی تەنبآ کردندا. ئێمە نزیکەی دووسەد کچۆڵەی نێوان چواردە تا هەژدە ساڵین کە خەرجی نیشتەجێ بوونء خواردنمان لە سەر حکومەتە. شوێن خەوتنی وامان هەیە کە جێی 10-20 کەس دەبێتەوە کە قەرەوێڵەی چەند نهۆمی تێدایە لەگەڵ دۆشەکی لە کا ئاخنراوء بەتانی بۆر، دۆڵابی باریکی لە پلێت دروستکراو لە ڕێڕەوەکەدا ڕیزکراون. کاتژمێر شەشی سەر لە بەیانی لە گەڵ

زەنگ لێدان بێدار دەبینەوە، چاودێرێکی خەوالّووش ژوورەکان بە سەردەکاتەوە. هەندێک لە قوتابییەکان دەچنە ژێر قەرەوێڵەکانء خۆیان دەشارنەوەء ئەوانی تریش ڕاکە ڕاکە بەرەو باخەکە لە بیناکە دەچنە خوارەوە دوای ئەوەی سێ جار بەدەوری باخەکە دەسووڕێینەوە، دە چرکە وەرزش دەکەین، پاشان دیسان بە ڕاکە ڕاکە دەگەڕێینەوە ناو بینایەکە. خۆمان بە ئاوی سارد دەشوێن. جلوبەرگ لە بەردەکەینء دەچینە هۆڵی خواردن، نانی بەیانیمان شیرو قاوەو پارچە نانێکە.نامەو نووسراوەکانی پۆستەی ڕۆژانەو ڕۆژی پێشتر دابەش دەکرێتء نامەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە کراونەتەوە بە تێبینییەوە (ئێوە هێشتا باڵق نەبوونە، ئێمە نوێنەری دایکء باوکی ئێوەین). کاتژمێر حەوتء نیو بە ڕیز بوونێکی قەڕە پەستانە لە کاتێکدا کە سروودە شۆڕشگێڕییەکان دەڵێین، بە ناو شاردا بۆ قوتابخانە دەچین. کوڕانی گەنج لە سەر ڕێگاکانمان دەوەستن، فیتە لی دەدەنء بە هاوارکردنەوە، وتەی ئافەرین، یان قسەی خراپمان بەسەردا دەبارێنن. کە لە

قوتابخانەش دەگەڕێینەوە، نان دەخۆین‌ء دەچینە هۆڵی موتاڵاکردن‌ء تاکاتی خواردنی ئێوارە لەوێ دەمینێینەوە. لە ناو هۆڵی خوێندنەوەدا، ڕەچاوکردنی کڕی‌ء بێدەنگی زۆر ەملێیە.
بە درێژایی ئەو ماوەیە دەبێ چی بکرێت؟ دیارەکە ڕاهێنانی شەوانە دەنووسینەوە، بەڵام ئەم ڕاهێنانی شەوانەیە زوو تەواو دەبێت. بێ ئەوەی توزقاڵێک سەرنجمان ڕاکێشێت، دەتوانی کتێبیش بخوێنیتەوە، بەڵام تەنیا ئەو کتێبانەمان هەبوو کە دەقی زۆرە ملێن‌ء زوو تەواو دەبن، وێڕای ئەمەش زۆربەیان هیچ چێژو بە کێشییەکیان تێدا نییە! بۆیە لەو ماوە درێژە بێ دەنگییە زۆرەکییەدا دەست بە نووسینەوەی یادەوەری ڕۆژنامەییانە دەکەم، بە خەتێکی ڕەمز ئاسا دەنووسم کە خۆم دای دەهێنم تا کەس نەتوانێت بیخوێنێتەوە. لە بارەی بەدبەختییەکان، خەم‌ء پەژارەکانمەوە دەنووسم،لە بارەی هەموو ئەو شتانەی کە شەوانە لە ناوپێخەفەکەمدا بە کڕییەوە نا چار بە گریانم دەکەن. لە بارەی ونبوونی براکانم، باوک‌ء دایکم، ماڵەکەمان کە ئێستا کەسانی غەوارە‌ء نامۆ لێی

دەژین! فرمێسک دەبارێنم، بە تایبەتی بۆ ئازادییە لە دەست چووەکەم دەگرییێم! ئەگەر چی ڕۆژانی یەک شەنبە دوای نیوەڕۆ ئازادی دیداری یەکتریمان هەیە، ئەویش تەنیا لە ناو هۆڵی قوتابخانەی شەوانە ڕۆژیدا، تەنانەت دیدار لە گەڵ کوڕانیش، بەڵام بە ئامادەبوونی چاودێرێک دەبێت. هەروەها ئازادی پیاسە کردنیشمان هەیە، هەتا لەگەڵ کوڕانیش، بەڵام دەبێ تەنیا لە شەقامی سەرەکی شار بێت، چاودێرێکیش لەوێ پیاسە دەکات! بەڵام ئازادی ئەوەم نییە سەردانی (یانو) ی برام بکەم کە لە شوێنێکی بیست کیلۆمەتری لێمەوە دوورە، ئەویش لە هەلومەرجء بارودۆخێکی وەکو حاڵەتی مندایەء ئەویش ناتوانێت سەردانی من بکات. چوونە دەرەوەی شاریان لێ قەدەغە کردووین، ئەگەرچی تەنانەت پارەی شەمەندەفەریشمان نییە! بۆ منداڵییەتی خۆم دەگرێیم، بۆ منداڵییەتی هەر سێکمان (یانو)ء (تیلا)ء خۆم! ئیتر ناتوانم لە نێو جەنگەڵء دارستاندا بەسەر زەوی شێداردا هەتا لای (بەردەشینەکە) بە پێخواسی غاردەم! ئیتر درەختێک نییە پێی هەڵبگەڕێمء بێمە خوارێ، کاتێ لقێکی

چرووکی دەشکێ، ئیتر (یانو) یەکیش نییە، دوای کەوتنە خوارەوەم، هەڵم بگرێتەوە.....نەخێر ئیتر نە پیاسەی شەوانەی سەربانانء نە (تیلا) یەکیش لێرەدا نییە کەلەلای دایکمان زمانمان لێ بدات!.....
لە شەوانە ڕۆژیدا کاتژمێر دەی شەو چراکان دەکوژێنرێنەوە، چاودێرێک ژوورەکان دەپشکنێت! ئەگەر شتێکم بۆ خوێندنەوە هەبێت، ئەوا لە بەرتیشکی گڵۆپی دارتێلی کارەبا دەیخوێنمەوەء پاشانیش لە حاڵەتێکدا کە بەفرمێسکەوە خەوم لێ دەکەوێت، ڕستەکان لە شەودا لە دایک دەبن، لە دەوروبەرم دەسووڕێنەوە، بە چرپە دەخزێنە گوێم، دەپاڕێنەوە....کێشدارء سەروا دار دەبن، گۆرانی دەڵێنء لە شێوەی شیعر دەردەکەون:
)دوێنێ هەمووشت جوانتر بوو
مۆسیقای نێو درەختان
وەرپێچانی با لەبسکانمء
لە نێو دەستە کراوەکانی تۆش خۆرە تاو (...

## گاڵته جاڕی

ساڵانی دەیەی پەنجاکان، جگە لە هەندێ کەسی سوودمەند لە ئیمتیازاتی تایبەت لە وڵاتەکەی ئێمەدا، ئەوانی تر هەمووی هەژارن، تەنانەت هەندێکیان لە هەندێکی تریان هەژار تریشن.گومانی تێدا نییە لە شەوانەڕۆژیدا، ژیانی ئێمە دابینە، خۆراکمان هەیە، بنمیچێکمان هەیە لە ژێریدا بژین! بەڵام خۆراکەکە ئەوەندە خراپء کەمە، هەمیشە برسیمانە، لە زستاندا لە سەرمان وەختە ڕەق هەڵێین لە قوتابخانەدا پاڵتۆکانمان داناکەنینء لە نێوان هەر چارەگە سەعاتێک، هەڵدەستین تا وەرزش بکەین بۆ ئەوەی دووبارە گەرم ببینەوە! شوێنی خەوتنەکانیش بە هەمان شێوە ساردن. بە گۆرییەوە دەخەوین. کاتێ بۆ هۆڵی موتاڵاش دەچین، بەناچاری بەتانیەکانیشمان لەگەڵ

خۆمان دەبەین. لەوکاتیدا من کۆنە پاڵتۆی (یانو) لەبەر دەکەم کە بۆ ئەو زۆر بچووک بووەتەوە. پاڵتۆیەکی خۆڵەمێشییە، بێ قۆپچەیە، لاتەنیشتی چەپی دڕاوە، کەمیک دواتر هاوڕێیەک پێم دەڵێت: زۆرم ئافەرین لە تۆ دەکرد کە بەخۆو بەو پاڵتو خۆڵەمێشییەی بەرت کە هەمیشە یەخەی کراوە بوو! تەنانەت لە زستانیشدا. لە ڕێگەی قوتابخانەدا، جانتای هاوەڵێکم هەڵدەگرم، چونکە خۆم جانتای قوتابخانەم نییە! کتێبء دەفتەرەکانم لە ناو ئەو جانتایە دادەنێم. جانتاکە قوڕسەو پەنجەکانم سڕ دەبن، چونکە پەنجەوانەم نییە! نەقەڵەم ڕەساسم هەیە نە قەڵەم جاف نە دەستە جلی وەرزشی، ئەو شتانە هەمووی قەرد دەکەم. کاتێ کە ناچارم پێڵاوەکانم ببەمە لای پینەدۆز بۆ چاک کردنەوە، پێڵاویش قەرد دەکەم، ئەگەر ناچار بم بیاندەمەوە، ئەوا لە بەر بێ پێڵاوی، سێ ڕۆژان لەناو جێء بالینگانێ دەمێنمەوە، ناتوانم بە بەڕێوەبەری شەوانە ڕۆژی بڵێم، پێڵاوی ترم نییە تا پێی بێمە قوتابخانە! بۆیە پێی دەڵێم نەخۆشم! ئەویش بڕوا بە قسەکەم دەکات، چونکە قوتابییەکی باشم. دەست لە

نێوچەوانم دەداتء  دەڵێت: (تات لێیە، بەلای کەمییەوە،سیء هەشت پلەیە! خۆت باش داپۆشە) خۆم باش دادەپۆشم، بەڵام چۆن هەقدەستی پینەدۆز بدەم!؟ داواکردنی پارەش لە دایکء باوکم بە مێشکمدا  نایەت، باوکم لە زیندانەو چەندین ساڵە هەر هەواڵیشی نازانین، دایکیشم لە هەر شوێنێک بتوانێت، ئیش دەکات! ئەو لەگەڵ تیلا لە یەک ژووردا دەژین. هاوسێکان جاروبار ڕێگەی پێ دەدەن چێشتخانەکە بە کار بهێنێت. دایکم بۆ ماوەیەکی کەم لەو شارە ئیش دەکات کە من لێی دەخوێنم.

جارێکیان لە ڕێی گەڕانەوەم لە قوتابخانە، دەچمە سەردانی! لە ژێر زەمینێکی بچووکدایە کە نزیکەی (10) ئافرەت لە دەوری مێزێکی گەورە دانیشتوونء لە بەر ڕووناکی گڵۆپێک، دەرمان مشک دەپێچنەوە. دایکم دەپرسێت: کاروبارت ڕێکء پێکە؟ دەڵێم: بەڵێ هەموو شتێک ڕێکء پێکە! نیگەران مەبە، لێم ناپرسێت چیم پێویستە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: پێویستم بە هیچ نییە، بەڵام

حاڵی تیلا ئێستا چۆنە؟ دایکم دەڵێت: باشە ئەویش پاییزآ دەچێتە شەوانە ڕۆژی !
شتێکی ترمان نییە بەیەک بڵێین، حەزم دەکرد بڵێم پێڵاوەکانم بردووەتە لای پینەدۆز، پینەدۆزەکە بەقەرد ئیشەکەی بۆ کردووم، دەبێت بە زووترین کات قەردەکەی بدەمەوە! بەڵام بە بینینی پۆشاکە کۆنء شڕەکەی دایکمء دەستکێشە ژەهراوییەکانیەوە، ناتوانم لەو مەسەلانەوە قسەی لە گەڵ بکەم. دایکم دەگرمە باوەشء دەڕۆمء ئیتر ناگەڕێمەوە.
بۆ وەدەست هێنانی بڕە پارەیەک، لە میانەی پشوودانێکی بیست چرکەییدا، بەرنامەی نمایشێکی قوتابخانەیی ئامادە دەکەم. چەند کورتە نووسینێکی گاڵتە ئامێز دەنووسمء لەگەڵ دوو- سێ کەس لە هاوڕێکانم بە خێرایی ئەزبەریان دەکەین. هەندێ جار هەر بە سەرپێییء ڕاستەوخۆ دەیڵێین. ڕۆڵی تایبەتی من، لاساییکردنەوەی مامۆستایانە! هەموو بەیانییەک چەند پۆلێک ئاگادار دەکەینەوە، ڕۆژی پاشتر چەند پۆلێکی تر .... نرخی هاتنە ژوورەوە

بەرانبەر نرخی یەک کرواسانتە(croissant)ە کە ژنە دەرگا وانەکە لە کاتی پشوودا دەیفرۆشێت.
نمایشەکان باش بەڕێوەدەچن، سەرکەوتنێکی لە رادەبەدەر وەدەست دەهێنین. بینەران تا بەردەمی ڕێڕەوەکە یەکتری پاڵ دەدەن! تەنانەت مامۆستاکانیش بۆ بینینمان دێن. ئەو مەسەلەیە هەندێ جار ناچارم دەکات لەپڕ لاساییکردنەوەکەم بگۆڕم!
لە حەوشەی شەوانە ڕۆژییەکەدا، هەمان ئەزموون لە گەڵ هاوڕێیانی تر بە نووسینگەلی تر دووبارە دەکەمەوە.
لە کاتی شەویشدا لە شوێنی خەوتنێکەوە بۆ شوێنێکی تری خەوتن دەچین، داوەت دەکرێین. لێمان دەپاڕێنەوە بچینە لایان! لەگەڵ ئەوشتەء پریاسکانەی کە کچانی گوندی لە دایکء باوکانی خۆیان وەرگرتووە، میوانداری ڕێک دەخەن. ئێمەی هونەر پیشەکانیش بەبێ جیاوازی، پارە، یان خۆراک وەردەگرین، بەڵام بە نرخترینء بەرزترین هەقدەستی ئێمە، ئەو دڵخۆشیء بەختەوەرییەیە کە خەڵکان بخەینە پێکەنین.

زمانی دایک ء زمانەکانی دوژمن

سەرەتا تەنیا یەک زمان هەبوو، شتەکان، کەلوپەلەکان، هەستەکان، ڕەنگەکان، خەونەکان، نامەکان، ڕۆژنامەکان، هەموویان بەو زمانە بوون! نەمدەتوانی وازەن بکەم کە زمانێکی تریش دەکرآ هەبێت کەوا کەسێک قسەیەک بڵێتء من تێی نەگەم! لە نێو چێشتخانەکەی دایکمء لە قوتابخانەکەی باوکم، لە کڵێسەی مامە گێئزا، لە شەقامەکان، لە ماڵەکانی ناو گوندء هەروەها لە شارەکەی بابەء دایە گەورەشمدا، هەموویان وەکو یەک بە یەک زمان قسەیان دەکردو هەرگیز زمانێکی تر لە ئارادا نەبوو! دەیانگوت ئەو قەرەجانەی لە داوێنی گوند نیشتەجێن، بە زمانێکی

تر دەدوێن، بەڵام وام دەزانی ئەمە زمانێکی داهێنراو بێت کە تەنیا لە ناو خۆیاندا بە کار دەهێنرێت! بە تەواوی وەکو ئەو کاتەی منء یانوی برام بە شێوەیەک دەدواین کە تیلای برا بچووکمان نەتوانێت تێ بگات. هەروەها وام دەزانی قەرەجەکانیش لە بەر ئەوە وادەکەن چونکە لە مەیخانەی گوندیدا، پەرداخی نیشانکراویان هەبوو، پەرداخی تایبەت بە ئەوان، لە بەر ئەوەی هیچ کەس نەیدەویست لەو پەرداخانە بخواتەوە کە قەرجێک پێی خواردبێتەوە. هەروەها دەیانگوت، قەرەجەکان منداڵان دەدزن. هەڵبەتە قەرەجەکان شتی زۆریان دەدزی! بەڵام ئەگەر بەبەردەم خانووە قوڕەکانیاندا تێدەپەڕیء ئەو منداڵە زۆرانەت دەدیت کە لە دەوروبەری ئەو کەلاوە خانووانە گەمان دەکەن! ئەو کات مرۆڤ لە خۆی دەپرسی: لە بەر چی دەبێت منداڵی زیاتر بدزن!؟ وێڕای ئەمە، کاتێ قەرەجەکان دەهاتنە ناو گوندی بۆ ساغ کردنەوەی کەلوپەلە سواڵەتییەکانیان، یان سەبەتەو تریانەکانی خۆیان، بە شێوەیەکی ئاساییء بە هەمان زمانی ئێمە قسەیان دەکرد.

تەمەنم نۆ ساڵان بوو کە کەلوپەلمان تێک ناو لە شارێکی سەر سنوور نیشتەجێ بووین، بەلایەنی کەمەوە چواریەکی دانیشتووانەکەی بەزمانی ئەڵمانی قسەیان دەکرد! بۆ ئێمەی هەنگارییایی ئەمە زمانێکی ناحەزو دوژمن بوو! چونکە دەسەڵاتی نەمسای بیر دەخستینەوەء هەروابێتەوە زمانی سەربازانی بێگانە بوو  کە ئەو کاتی وڵاتەکەی ئێمەیان داگیر کردبوو! ساڵی پاشتر سەربازانی بێگانەی تر خاکی ئێمەیان داگیر کرد، خوێندنی زمانی ڕووسی لە قوتابخانەدا بووە زۆرەملێ، ئیتر زمانەکانی بێگانە قەدەغەبوون.کەس زمانی ڕووسی نازانێ! ئەو مامۆستایانەی وانەی زمانە بیانییەکانی وەکو ئەڵمانی، فەرەنسایی، ئینگلیزییان دەوتەوە، چەند مانگێک چوونە خولێکی چڕوپڕی فێر بوونی زمانی ڕووسی، بەڵام بە دروستیء ڕەوانی ئەو زمانەیان نەدەزانیء هیچ ئارەزووی وتنەوەیان نەبوو. قوتابیانیش هیچ ئارەزووی فێر بوونی ئەو زمانەیان نەبوو! هەمووان یارمەتی پرۆسەی وێرانکردنی هزری زمانی دوژمن دەدەن، بەرەنگارییەکی سەلبیانەی ئاسایی گەلاڵە نەکراو،

خۆ  ورووژێن.... ئابەم جۆرە بێ شەوقء زەوق بابەتی جوگرافیاو مێژووء ئەدەبیاتی یەکێتی سۆڤییەت وەکو فێرکردنء وانە دەگوترایەوە. بەمەش نەوەیەکی نەزان لە قوتابخانەکان دەردەچێت.
لە تەمەنی بیستء یەک ساڵیدا لە گەڵ چوونم بۆ سویسرا بەهەڵکەوت لە شارێکی فەڕەنسی زماندا نیشتەجێ دەبمء بەتەواوی ڕوو بەڕووی زمانێکی نەزانراوی تر دەبمەوە. ئالێرەدایە کە خەباتی من بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو زمانەدا دەست پێ دەکات. خەباتێکی درێژ خایەنء توند کە بە درێژایی ژیانم بەردەوام دەبێت!
زیاتر لە سی ساڵە بەزمانی فەڕەنسی قسە دەکەم. بیست ساڵە کە بە زمانی فەڕەنسی دەنووسم! بەڵام هێشتا نایزانمء بێ هەڵە قسەی پێ ناکەم! تەنیا بە هۆی گەڕانەوەی بەردەوام بۆ فەرهەنگی زمانء وشە دەتوانم بنووسم. هەر لە بەر ئەوەشە کە زمانی فەڕەنسی بەزمانی دوژمنء ناحەز دەزانم. هۆکارێکی تریش هەیە کە لەمە جددیترە، ئەویش

ئەوەیە کە ئەم زمانە هێدی هێدی زمانی دایکمم لێ دەکوژێت.

مردنی ستالین
لە مانگی ئاداری 1953 ستالین مردووە، لە دوێنی ئێوارەوە ئەوەندە دەزانم کە خەمبار بوون لە شەوانە ڕۆژیدا زۆرەکییە! بێ ئەوەی قسە لە گەڵ یەکترین بکەین بۆ خەوتن دەچین! سەر لە بەیانی دەپرسین :
-ئەمڕۆ پشووە؟
چاودێر دەڵێت: نەخێر وەکو ڕۆژانی ئاسایی دەچینە قوتابخانە، بەڵام سروود ناخوێنن

ئاساییانە دەچینە قوتابخانە، بە قەڕە پەستانە ڕیز دەبین، بەڵام سروود ناخوێنین! لە بەرزایی بیناکانەوە ئاڵا سوورو ڕەشەکان دەشەکێنەوە:
مامۆستای پۆلەکەمان لە چاوەڕوانی ئێمەدایەو دەڵێت: کاتژمێر یازدە، زەنگی قوتابخانە لێ دەدرێت! یەک پێ هەڵدەستنەوەء بۆ ماوەی یەک خولەک بێ دەنگ دەوەستن.
ئێستا تا ئەو کاتی ئینشایەک بنووسن کە بابەتەکەی بە ناوی (مردنی ستالین) بێت! لەم ئینشایەدا سەبارەت بەوە بنووسن کە هاوڕێ ستالین بۆ ئێوە چ بوو، سەرەتا باوکێک بوو، پاشان چرای ڕێ ڕۆشنکەرەوە بوو.
یەکێک لە قوتابییەکان دەکاتە هۆقە هۆق.........
مامۆستا دەڵێت: کچۆڵە گیان ددان بە خۆتاندا بگرن، ئێمە هەموومان لە ڕادەبەدەر خەمبارو دڵگیرین، بەڵام هەوڵ دەدەین جڵەوی خەمەکەمان بگرین! لە بەر ئەوەی لە حاڵەتێکی ناخۆشیدانء گورزێکی گیانی توندتان بەرکەوتووە، هەڵسەنگاندن بۆ ئینشایەکەتان ناکرێت.

ئێمەی قوتابیان دەنووسینء مامۆستاش لە پۆلدا دەستی لە پشتەوە گرتووە دێتء دەچێت. زەنگێک لێ دەدرێت!ئێمەش ڕاستەوخۆ هەڵدەستینەوە! مامۆستا تەماشای کاتژمێر دەکات، چاوەڕێ دەبین. دیارە دەبوو لەو کاتەدا شاووری شاریش لێ بدرێت! کچۆڵەیەک لە نزیک پەنجەرەوە تەماشای شەقام دەکاتء دەڵێت: ئەمە زەنگی تایبەت بە زبڵ کێشەکانە! دیسان دادەنیشینەوە، لە بەر خۆمانەوە پێدەکەنین! کەمێک دواتر زەنگی قوتابخانەو شاووری شار بەتێکەڵاوی دەنگ دەدەنەوە. سەر لە نوێ هەڵدەستینەوە! بەڵام هێشتا هەر بە مەسەلەی زبڵ کێشەکانەوە گرتوومانەو پێدەکەنین. ماوەی یەک خولەک بەم جۆرە دەوەستین. بەدەم پێکەنینێکی پەنگ خواردووەوە دەهەژێینەوە. مامۆستاکەش تەبای ئێمە پێدەکەنێت! چەندین ساڵە وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکەی ستالینم لەگیرفاندا هەڵگرتووە، بەڵام بەتەواوی لەساتە وەختی مردنیدا تێدەگەم کە بۆچی پوورم جارێکیان کە منیش لەوێ بووم، ئەم وێنەیەی دڕاندووە!

وتەی بەرز ڕاگرتنی یادەکەی زۆر بەهێز بوو، کاریگەری تایبەتی لە سەر ورەو گیانی گەنجان هەبوو. رۆدۆلف نوریڤ –ی سەماکاری بەر هەڵستکاری گەورەی ڕووس دەڵێت: (لە ڕۆژی مردنی ستالیندا، چوومە دەرەوە بۆ لادێ، چاوەڕێ بووم ڕووداوێکی لە عەقڵ بەدەر ڕووبدات کە سروشت وەڵامی ئەم تراژیدیایە بداتەوە، بەڵام هیچ شتێک نەبوو! نەنیشانەیەک هەبوو نەبوومەلەرزەیەک...... نەخێر بوومەلەرزە پاش سیء شەش ساڵ ڕووی دا.ئەمەش وەڵامی سروشت نەبوو، بەڵکو وەڵامی کۆمەڵانی خەڵک بوو، دەبووایە تەواوی ئەو ساڵانە چاوەڕی بمابواینەوە تا (باوک)ی هەموومان بەڕاستی بمرێت تا (چرای ڕێ ڕۆشنکەرەوە) بکوژێتەوە، ئومێدەوارم بۆ هەتا هەتایی بێت..... بەر پرسیارییەتی چەندان قوربانی لە ئەستۆی ئەو دایە. هیچ کەس ئەمە نازانێت، لە ڕۆمانیادا هێشتا هەر مردووەکان دەژمێرین، لە هەنگاریادا لە ساڵی 1956 سی هەزار کەس بوون! ئەوەی کە هەرگیز ناتوانرێت لێک بدرێتەوە ڕۆڵی خولْقاندنی کارەساتێکە کە دیکتاتۆرێک لە بواری

فەلسەفە، هونەرو ئەدەبیاتدا لە وڵاتانی ڕۆژ هەڵات گەمەی لە سەر کردووە. یەکێتی سۆڤییەت بە سەپاندنی ئایدێولۆژیای خۆی نەک هەر بووەتە لەمپەر لە بەردەم گەشە کردنی ئابووری ئەم وڵاتانە، بەڵکو هەوڵیشی داوە کە کولتووری نەتەوەییء ناسنامەشیان لە ناو ببات. ئەوەندەی ئاگادار بین هیچ یەکێک لە نووسەرە بەر هەڵستکارەکانی ڕووسیا خۆیان لەو مەسەلەیە نەداوە. یان هەر باسیشیان نەکردووە ئەوانەی دەبووایە بەرگەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی خۆیان بگرتایە، لە بارەی ئەو وڵاتە بچووکە بێ بایەخەوە، وێڕای دەسەڵاتی بێگانە، واتە دەبووایە بەرگەی دەسەڵاتەکەی ئەوانء وڵاتەکەشیان بگرتایە. بیر لە چی دەکەنەوە؟ ئایا شەرمیان پێیە، یان ڕۆژێ لە ڕۆژان شەرم لەو مەسەلەیە دەکەن؟ لێرەدا دەبێت گەورە نووسەری نەمسا تۆماس بێرنارد بیر بخەینەوە کە هەرگیز لە ڕەخنەو سەرزەنشت کردن- لە پاڵ عیشقء نەفرەتء هەروەها بە گاڵتە جاڕییەوە – لە وڵاتەکەی خۆی،

یان ڕۆژگارەکەیدا لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا ئارامی نەگرتووە کە تێیدا دەژیا.
بێرنارد لە 1989/2/12 کۆچی دوایی کرد، بۆ ناشتنی هیچ ڕێوڕەسمێکی نەتەوەیی، یان نێونەتەوەیی بەرپا نەکرا، نەفرمێسک باراندنێکی بەدرۆ باسی هەبوو! نە فرمێسکێکی ڕاستەقینە! تەنیا خوێنەرە بە سۆزەکانی نەبێت، کەمنیش یەکێکم لەوان کە درکیان بەو لە دەستدانە گەورەیەی ئەدەبیات کردووە! تۆماس بێرنارد ئیتر نانووسێت، لەوەش خراپتر، ڕێگەیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو دەستنووسانەشی گرتووە کە لە پاشی بەجێ ماون. ئەمە دوا(نەخێر) بوو بۆ کۆمەڵگە! لە نووسەرێکی بلیمەتی خاوەن (بەڵێ ( Ja – ئەو کتێبە لەگەڵ چەند کتێبێکی تر لە سەر مێزی بەرانبەرم دانراوە وەکو:
Der ،Der Untergeher،Beton Holzfillen،Stimmenimitator

)بەڵێ (Ja - یەکەمین کتێبی ئەوە کە خوێندوومەتەوە. ئەم کتێبەم بۆ خوێندنەوە بە چەند هاوڕێیەکیشم داوەء گوتوومە لە گەڵ هیچ کتێبیکی

تردا ئەوەندە پێ نەکەنیوم، کتێبەکەیان پێم داوەتەوە بێ ئەوەی تاکۆتایی بیخوێننەوە! بە بۆچوونی ئەوان، ئەم کتێبە زۆر (ڕەشبینء نائومید بەخشە)ء شیاوی (بەرگە گرتن) نەبووە. سەبارەت بە (پێکە نیناوی بوونی) دەقەکەش، لە هیچ شوێنێک شتێکیان نەدۆزیبووەوە. لە ڕاستیدا ناوەرۆکی کتێبەکە مەترسیدارە، چونکە ئەو لە حەقیقەتدا (بەڵێ)یە. بەڵام (بەڵێ) یەک بۆ مەرگ، واتە (نەخێر)ە بۆ ژیان.

تۆماس بێرنارد بیەوێ، یان نەیەوێ، تا هەتایی دەژیتء دەبێتە ڕەمزو سیمبولێک بۆ هەموو ئەوانەی بانگەشەی نووسەر بوون دەکەن .

یادەوەری
لەڕێگەی ڕۆژنامەکانء تەلەڤزێونەوە دەزانم کە منداڵێکی دە ساڵەی تورک لە کاتی پەڕینەوە بە نهێنی لە سنووری سویسرا، لە گەڵ دایکء باوکیدا، لە بەر سەرماو سۆڵەی توندو شەنگ لێبڕان مردووە. قاچاغچییەکان ئەوانیان لە نزیک سنوورەوە بەرەڵلا کردووە. دەبووایە یەکڕاست بڕۆیشتنایە تا بگەنە یەکەمین گوندی سویسرا. چەندین سەعات بەڕێگەی ناو چیاو دارستان لە ڕێدا بوون، ئەنجام باوکەکە منداڵەکە لە کۆڵ دەکات، بەڵام کارەکە وەدرەنگ کەوتبوو، کە گەیشتنە گوندی، منداڵەکە لە بەر هیلاکی زۆرء سەرماو سۆڵەی توندو شەنگ لێبڕان، مردبوو.....
یەکەمین کاردانەوەی من وەکو کاردانەوەی هەرتاکێکی ئاسایی سویسرییە!(خەڵکی چۆن زاتی ئەوە دەکەن لەگەڵ منداڵەکانیاندا خۆیان بخەنە نێو

ئەم جۆرە ڕووداوە مەترسیدارانەوە؟ ئەم جۆرە ڕەفتارە نا بەرپرسیارەتییە، شیاو نییە!) گورزی گەڕانەوە سەختء بێ دواکەوتنە، بای ساردی مانگی سەرماوەز، هورووژم دێنێتە نێو ژوورە تەواو گەرمەکەی منء بانگی یادەوەری لە منی سەر سامبوودا دەورووژێنێت (چۆن؟ هەموو شتێکت لە بیر کردووە؟ تۆ خۆت ئەم کارەت کردووە ڕێک ئەم کارەت کردووە.....منداڵەکەشت هێشتا مەلۆتکەیەکی تازە بوو...) بەڵێ ....بەبیرم دێت! تەمەنم بیستء یەک ساڵە، دووساڵە زەماوەندم کردووە، کچۆڵەیەکی چوار مانگیم هەیە. لە کاتی خۆر ئاوا بوونی ڕۆژێکی مانگی سەرماوەزدا لە سنووری هەنگاریاو نەمسا دەپەڕینەوە، دوو بە دووی قاچاغچییەک کە ناوی ژۆزێف بوو، ئەو باش دەناسم. ئێمە کۆمەڵێکی نزیکەی دە کەس دەبین، چەند منداڵێکمان لە گەڵدایە کچۆڵەی بچووکم لە باوەشی باوکی دەخەوێت! منیش دووجانتا هەڵدەگرم. لە یەکێک لە جانتاکاندا، شووشەیەکی شیری منداڵ، پۆشاک، کەلوپەلی گۆڕینی پۆشاکی منداڵ.... لە جانتاکەی تردا چەند فەرهەنگێکی

وشەو زاراوە، نزیکەی یەک سەعات بەبێ دەنگی لە دوای ژۆزێف دەڕۆین. تاریکییەکی تەواو ناوچەکەی داگرتووە! جار نا جار موشەکـێ گوللەی ڕۆشنکەرەوە، هەموو شوێنێک ڕووناک دەکاتەوە. دەنگـێ وژژەی گولله دەبیستریت، پاشان بێ دەنگیێ تاریکی دەگەڕێتەوە! ژۆزێف لە ڕۆخ دارستانەکە ڕادەوەستێ پێمان دەڵێت:

-ئێوە وا لەنەمسان، دەبێت ڕاستەو ڕاست بەردەوام بن، گوندەکە دوور نییە. باوەش لە ژۆزێف وەردێنم، ئێمە هەمووومان ئەو پارەیەی پێمانە بەوی دەدەین بە هەر حاڵ ئەو پارەیە لە نەمسا فلسێک ناهێنێت! ماوەیەکی زۆر بە ناو دارستانەکەدا دەڕۆین، لقی درەختەکان، سەرو چاومان دەڕووشێنن، دەکەوینە ناو قوڕتان، گەڵا وەریوە ڕزیوەکان پێڵاوەکانمان تەڕدەکەن. پشتەپێمان لە پنچکـێ پاری درەختان دەئاڵێت چەند لایتی بچووک داگیرساون، بەڵام تەنیا ڕۆشنایی دەخەنە سەر چەند پەڵەیەک، درەخت لە دوای درەخت.....(دەبوایە تا ئێستا لە دارستانەکەدا دەربچووینایە مەزەندەمان

وایە کە بەدەوری خۆماندا دەخولێینەوە. منداڵێک دەڵێت:
-دەترسم، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵ، دەمەوێت بچمەوە سەر قەرەوێڵەکەم! منداڵێک دەست بەگریان دەکات! ژنێک دەڵێت:
-ون بووین!
کابرایەکی جاحێڵ دەڵێت:
-باڕاوەستین، ئەگەر بەم جۆرە بەردەوام بین، دیسان دەچینەوە ناو هەنگاریا کێ دەڵێ ئێستاش لەوێ نین! نەجووڵێنەوە؟
سەرێک هەڵدەکێشمء چاوێک دەگێڕم....دووبارە خۆبینینەوە لە هەنگاریا! هەموومان دەزانین ئەمە، یانی چی؟! واتە زیندانی بەهۆی پەڕینەوە بە نایاسایی لە سنوور!
ڕەنگە لە سنوور ڕووبەڕووی گوللەی سەربازانی سەرمەستی رووسیا ببینەوە.
کابرای جاحێڵ دەچێتە سەر درەختێک، کاتێ کە دێتە خوارەوە دەڵێت :
-دەزانم ئێمە لە کوێین! بە تەماشاکردنی ڕۆشناییەکان ئاراستەکەم دۆزیوەتەوە، لە دوای

منەوە وەرن، بەدوای ئەوەدا دەڕۆین، دارستانەکە وردەوردە ڕووناک دەبێتەوە، سەرەنجام دەکەوینە سەر ڕاستە ڕێگایەکی بێ لقء پۆپی درەختان، بێ قۆرتء بێ پنچکء پار.... لە هیکڕا ڕۆشناییەکی بەهێز لێمان دەداتء دەنگێک دەڵێت.
-بوەستە!
یەکێکمان بە زمانی ئەڵمانی دەڵێت:
-ئێمە پەنا بەرین.
سەربازانی سنووری نەمسا بە پێکەنینەوە وەڵام دەدەنەوە.
-گومانمان هەبوو لە گەڵمان وەرن، بۆ ناو گوند ڕێنماییمان دەکەن، لەوێ خەڵکێکی زۆر لە هەڵاتووان دەبینین، پارێزگار دەگات:
-ئەوانەی منداڵیان هەیە، بێنە پێشەوە.
ئێمە لە نێو خانەوادەیەکی گوندی نشتەجێ دەکەن کە زۆر بە سۆزن! بە هانای منداڵەکەوە دێن، خواردنمان دەدەنێ، قەرەوێڵەمان پێ دەدەن. جێی سەر سوڕمانە کە لەو شتە زۆرانە کەمم لە زەیندا ماوە، وەک بڵێیت ئەم شتانە هەموویان لە خەوندا ڕوویان دابێت، یان لە ژیانێکی تر یان بڵێیت مێشکم

نەیویستووە ئەم ساتەی بیر بکەوێتەوە کە بەشێکی زۆری ژیانمم لە دەست داوە. دەفتەری یادەوەرییەکانم کە بەڕەمزو ئاماژەم نووسیوە، هەروەها شیعرە بەراییەکانیشم لە هەنگاریا بە جێ هێشتووە. براکانء باوکء دایکمم بەجێ هێشتوون، بێ ئەوەی ئاگاداریان بکەمەوە، بێ ئەوەی خوا حافیزیان لێ بکەم، یان بڵێم بە ئومێدی یەکتر بینینەوە.

بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی کۆتایی سەرماوەزی (1956)ە بۆ هەتا هەتایی پەیوەستبوونی خۆمم لە گەڵ میللەتێکدا لە دەست داوە.

خەڵکە ڕاگوێزراوەکان

لە گوندێکی بچووکی نەمساوە کە لەهەنگارییاوە گەیشتووینەتە ئەوێ بە ئۆتۆبوس بەرەو ڤیەننا دەکەوینە ڕێ. بەرپرسی گوندەکە بلیتەکانی بۆ بڕیوین بە درێژایی ڕێیەکە، کچۆڵەکەم لە سەر ئەژنۆکانم دەخەوێت. لە ڕۆخ شەقامەکەدا گلۆپە درەوشاوەکان بەڕیز دەڕۆن، تا کو ئێستا هەرگیز ئەم جۆرە درەوشانەوە زنجیرەییانەم نەبینیوە. لە گەڵ چوونە ناو ڤیەنناوە، بۆ خۆ پێ ناساندن، بنکەیەکی پۆلیسی پاسەوانی دەبینینەوە لەو بنکەیەدا، پۆشاکی منداڵەکەم دەگۆڕم. شووشە شیرێکی دەدەمێ. دەڕشێتەوە، پۆلیسی بنکەکە ناوونیشانی بنکەیەکی پەنابەرانمان دەداتێء شەمەندەفەرێکمان بۆ دەستنیشان دەکەن کە بە خۆڕایی دەمانباتە ئەوێ. لەناو شەمەندەفەردا، خاتوونانی پۆشتەو پەرداخ منداڵەکەم لە باوەش دەکەنء پارەم لە گیرفانی دەنێن.

بنکەی پەنابەران بینایەکی گەورەیە، ڕەنگە پێشتر کارگە، یان سەربازگە بووبێت. لە نێو هۆڵە فراوانەکاندا دۆشەکی ئاخنراو لە کا لە سەر زەوی

ڕاخراون، هەروەها گەرماوی بە کۆمەڵێ سالۆنێکی گەورەی خواردنی تێدایە. لە ڕۆخ دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم هۆڵەدا، تەختەیەکی ڕەش هەڵواسراوە کە چەندین ئاگاداری پەیوەست بە شوێنداگەڕانی لە سەر نووسراوە.خەڵکی بەدوای خزمێ هاوڕێیانی خۆیاندا دەگەڕێن کە لە کاتی پەڕینەوە لە سنوور، پێش یان پاش پەڕینەوە لە شاری ڤیەننا، یان لە نێو حەشاماتی خەڵکەکەو قەڵەباڵغی بنکەکەدا لێک دابڕاونێ لێک ون بووینە.
هاوسەرەکەم وەکو خەڵکانی تر بە درێژایی ڕۆژ بۆ دۆزینەوەی وڵاتێکی پەنا بەر وەرگر لە باڵێوزخانە جۆراو جۆرەکان بە سەر دەبات. منیش لە لای منداڵە بچووکەکەم دەمێنمەوە کە لە سەر دۆشەکە لەکا دروستکراوەکانم درێژ کردووەو بە گغەو بغە گەمە بە پەڕەکایەکان دەکات.
ناچارم فێری چەند وشەیەکی ئەڵمانی ببم تا بتوانم پێداویستییەکانی منداڵەکەم جێبەجێ بکەم. منداڵەکە دەخەمە سەر باسکەکانم. دەچمە چێشتخانە گەورەکەی بنکە، بە پیاوێک دەڵێم کەوا زەن دەکەم سەرۆکی ئێرە بێت.

)تکایە شیر بۆ منداڵان؟)  یان (سابوون بۆ منداڵان؟...)  هەر چییەک داوادەکەم، ئەو پیاوە بە خۆی پێم دەدات. کاتێک شەمەندەفەرێکی سویسری دەگرین، نزیک بە یادی کریسمسە. لە سەر ڕەفەی پەنجەرە لقی دار کاژ، دوو چوکلێتء پرتەقاڵ دانراون. ئەمە شەمەندەفەرێکی تایبەتە. جگە لە کارمەندانی چاودێر، تەنیا هەنگارییەکانی تێدایە. ئەم شەمەندەفەرەش تەنیا لە سنووری سویسرا دەوەستێت. لەوێ ئۆرکێسترایەک بە سازو مۆسیقاوە پێشوازیمان لێ دەکەن! خاتوونە میهرەبانەکان لە پەنجەرەوە پیاڵە چای گەرمء چوکلێتء پرتەقاڵمان دەدەنێ. دەگەینە لۆزان، لە نێو سەربازگەیەکدا لە بەرزاییەکانی شاردا نیشتەجێ دەبین. لە نزیک گۆڕەپانێکی تۆپی پێ، ئافرەتانی گەنج کە پۆشاکی لە شێوەی پۆشاکی سەربازییان لە بەردایە، بەزەردەخەنەی دڵخۆشکەرەوە، منداڵەکانمان لێ وەردەگرن، پیاوانء ژنان بۆ سەر شووشتن لێک جودا دەکەنەوە. پۆشاکەکانمان بۆ پاککردنەوەو تاقیمکردن دەبەن.

پاشان ئەوکەسانەی کە پێشتر هەمان ئەو بارودۆخەیان بە گیان تاقی کردبووەوە، دانی پێدادەنێن کە ترسیان هەبووە، ئێمەش هەموومان هەست بە بارسووکی دەکەین، چونکە خۆمانء بە تایبەتیش منداڵەکانمان پاکء تێرو تەسەل دەبینینەوە، کچۆڵەکەم بە ئارامی لە نێو بێشکەیەکی جواندا کە هەرگیز پێشتر نەیبینیوە، لە تەنیشت قەرەوێڵەکەی من نووستووە. یەک شەممە، دوای یاری فوتبَوڵ، خەڵکی دێن تا لە پشت محەجەرەکانی بنکەی پاسەوانی ئێمە ببینن. هەڵبەتە چوکلێتء پرتەقاڵء هەروەها جگەرەو پارەشمان پێ دەدەن. ئەم بارو دۆخەش ئیتر نامانخاتەوە یادی ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، بەڵکو زیاتر لە باغچەی ئاژەڵان دەچێت. ئابڕوومەندترین کەسمان زاتی چوونە حەوشە ناکات، پێچەوانەی ئەوانی تر کە لە کەلێنی محەجەرەکانەوە، بە دەست درێژکردن بۆ وەرگرتنی شتی بەلاش، کات بەسەر دەبەن. لە هەفتەدا چەندین جار خاوەن پیشەو کارگەکان دێنء بەدوای کرێکاردا دەگەڕێن! هاوڕێیان، ئاشنایان

کارو خانوو پەیدا دەکەن. دەڕۆنء ناوونیشانی خۆیان بە جێ دەهێڵن.
دوای مانگێک لە لۆزانء مانگێکیش لە زورێخ بە سەر دەبەین. لە قوتابخانەیەک لە نێو دارستاندا نیشتەجێ دەبینء وانەی زمانمان پێ دەڵێن، بەڵام من لە بەر کچۆڵەکەم بە کەمی بەشداری دەکەم.
ژیانی من چۆن دەبوو، ئەگەر وڵاتی خۆمم بەجێ نەهێشتبا!؟ وای بۆ دەچم زەحمەتتر، هەژارتر کەمتر دابڕاو، ڕەنگە بەختەوەریش.....ئەوەی لێی دڵنیام ئەوەیە لە هەموو شوێنێکء بەهەموو زمانێک دەمنووسی.

بیابان
لە ڕێگەی بنکەی پەنابەرانی زورێخەوە، بەسەر سەرانسەری سویسرادا دابەشمان دەکەن. بەم جۆرەء بەڕێکەوت بۆ نوشاتل، یان وردتر بڵێم بۆ ڤلانژن دێین. ئەو شوێنەی کە ئاپارتمانێکی ئامادەو ڕایەخکراو، کەدوو ژووری نووستنی تێدایە لەلای دانیشتووانی گوندەوە لە چاوەڕوانیماندایە. دوای چەند حەفتەیەک لە کارخانەیەکی دروستکردنی کاتژمێر لە (فونتین ملون) دەست بە ئیش دەکەم. کاتژمێر پێنجء نیوی بەیانی لە خەو ڕادەبم. نان بە منداڵەکەم دەدەمء جلکی لە بەر دەکەم. پاشان خۆشم ڕێک دەخەمء کاتژمێر شەشء نیو سواری ئۆتۆبوسێک دەبم کە دەمباتە کارخانە.
منداڵەکەم دەبەمە دایەنگەو خۆم دەچمە کارخانە. کاتژمێر پێنجی ئێوارە لەوێ دێمە دەرێ. کچۆڵەکەم لە دایەنگە وەردەگرمەوە. دووبارە سواری ئۆتۆبوس دەبمء بۆماڵەوە دەگەڕێمەوە. لە دووکانە بچووکەکەی گوندی شت دەکڕم. ئاگرەکە پێ دەکەم (لە ئەپارتمانەکەماندا ئامێری گەرمبەخشی ناوەندی نییە) خواردنی ئێوارە ئامادە دەکەم. منداڵەکەم

دەخەوێنم. قاپء قاچاغەکان دەشۆم،کەمێک دەنووسمء پاشان دەخەوم.
کارخانەکە بۆ شیعر نووسین جێگەیەکی زۆر لە بارە. کارەکە بەیەک نەزم دەڕوات. بۆیە دەتوانیت بیر لە شتی تر بکەیتەوە. ئامێرەکانیش دەنگء ئاوازی ناخۆشیان نییە تا ڕێگە لە بڕگە بڕگە کردنی شیعرەکانم بگرن. هەمیشە چاوی مێزەکەم پەڕەکاغەزو قەڵەمێکی تێدایە. کە شیعرم بۆ دێت، یەکسەر دەینووسمەوەء بەشەویش هەمووی لە دەفتەرێکدا پاکنووس دەکەم.
ئێمە(10) کەسی هەنگارییین کە لەو کارخانەیەدا ئیش دەکەین. لە میانەی پشووی نیوەڕۆدا لە کاتی نانخواردن یەکتر دەبینین، بەڵام خواردنەکان لەگەڵ ئەو خواردنانە جیاوازن کە ئێمە خوومان پێوە گرتووە. دەتوانم بڵێم هیچ ناخۆین. بەش بە حاڵی خۆم، ئەوە بۆ یەک ساڵ دەچێت، نیوەڕۆیان تەنیا شیرو قاوەو نان دەخۆم. لە کارخانەدا هەمووان لە گەڵ ئێمەدا میهرەبانی دەنوێنن، بەرانبەرمان ڕوو بە پێکەنینن، دەماندوێنن، بەڵام هیچ شتێک تێناگەین! ئالێرەدایە کە بیابان دەست پێ دەکات،

بیابانی کۆمەڵایەتی، بیابانی ڕۆشنبیری، لە دوای هەڵچوونء ورووژانی ڕۆژانی شۆڕشء ڕاکە ڕاکە، بێدەنگی دێت، تەنیایی، دڵتەنگی بۆ ئەو ڕۆژانەی وامان دەزانی ڕەنگە لە مەسەلەیەکی گرینگدا، لە مێژوودا بەشێکمان بەر کەوتبێت.....
خەمی هەستی غەریبی، لە دەستدانی خانەوادەو هاوڕێء خۆشەویستان، بە هاتنمان بۆ ئێرە، لە چاوەڕێی شتێکدا بووین، نەماندەزانی چاوەڕێی چی دەکەین! بەڵام بە دڵنیاییەوە، نەک ئەوە، ڕۆژانی پڕ لە خەمباری کار، ئەو ڕۆژ ئاوابوونە بێدەنگە، ئەم ژیانە چەقبەستووە، بێ گۆڕان، بێ سەرسامی، بێ ئومێد..... لە ڕووی مادییەوە کەمێک لە ڕابردوو باشتر دەژین. لە جیاتی ژوورێک، دوو ژوورمان هەیە، بەڕادەی پێویست ڕەژوومان هەیەء خۆراکەکەش بەشمان دەکات، بەڵام بە بەراورد بەوەی کە لە دەستمان داوە، باجء بەهایەکی زۆر گرانمان داوە!
سەر لە بەیانییەکی لە نێو ئۆتۆبوسدا، بلیت فرۆش لە تەنیشت منەوە دادەنیشێت، ئیدی هەموو بەیانیان بەم جۆرەیە. پیاوێکی قەڵەوء چالاکە، بە درێژایی

ڕێگەکە قسەم لە گەڵ دەکات. بەتەواوی تێی ناگەم، بەڵام دەزانم دەیەوێت دڵنیام بکاتەوە کە سویسرییەکان ڕێگە بەڕووسییەکان نادەن بێنە ئێرە! دەڵێت ئیتر نابێت ترست هەبێت، ئیتر نابێت خەمبار بیت. ئێستا حاڵی حازر لە هێمنیء ئاسایشیدام. بزەخەنەیەک دەکەم. ناتوانم پێی بڵێم کە من لە ڕووسییەکان ناترسم، یان ئەگەر خەمبارم دەبینی، زیاتر لە بەر ئەوەیە کە پتر لە پێویست ئاسایشم هەیە! هەروەها لە بەر ئەوەیە کە نەدەتوانم کارێکی تر بکەم، یان بیر لە کارێکی تر جگە لەء کارە بکەمەوە، کارخانە، شت کڕین، جل شووشتن، چێشت لێنانء ئەمەء ئیتر لە چاوەڕوانی هیچی تردا نیم! جگە لە پشووی ڕۆژانی یەک شەممە تا بخەومء کەمێک زیاتر خەون بە خاکی خۆمەوە ببینم.چۆنی بۆ ڕوون بکەمەوە بێ ئەوەی بیڕەنجێنم! بە چەند وشەیەک کە لە فەرەنساوە فێری بووم، خاکی جوانی ئەوان بۆ ئێمەی پەنا بەران، لە بیابانێک زێتر نییە! بیابانێک کە دەبێت پێیدا تێپەڕینء بە شوێنێک بگەین کە پێی دەڵێن گونجاو، سەرنجڕاکێش... لەم ساتەدا هێشتا نازانم کە

هەندێک کەس   هەرگیز بەم ئاستەش  ناگەن. دووکەس لە ئێمە سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی زیندانی دەکرێن،گەڕانەوە هەنگاریا، دوو کەسی تریش، دوو گەنجی سەڵت بۆ دوور تر ڕۆیشتوون، بۆ  ویلایەتە یەکگرتووەکانی  ئەمریکا، کەنەدا. چوار کەسی تریشمان هێشتا بۆ دوورتر، تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ بڕۆن، ئەودیوی سنووری گەورە. ئەم چوار کەسە کە لە ئاشنایانی منن، لە دوو ساڵی سەرەتای دوور خرانەوەماندا، خۆیان کوشت! یەکێکیان بە حەبی خەوهێنء ئەوی تر بە غاز، دووەوەکەی تریش بە پەت! گەنجترینیان تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، ناوی گیزلا بوو!!

چۆن دەکرێ ببیتە نووسەر
بەشێوەیەکی ئاسایی، سەرەتا دەبێت بەر لە هەموو شتێک بنووسیت،پاشان دەبێت لە نووسین بەردەوام بیت، تەنانەت ئەگەر سەرنجی هیچ کەسیش ڕانەکێشیت. تەنانەت ئەگەر هەستت کرد کە هەرگیز لە داهاتووشدا سەرنجی کەس ڕاناکێشیت، تەنانەت ئەگەر دەستنووسەکانیش لە چەکمەزەی مێزەکەتدا خڕببنەوەء لە بیر بکرێن لەو کاتەی کە شتێکی نوێتر دەنووسیت.
ئەو کاتەی هاتمە سویسرا، هیچ ئومێدێکم بە نووسەر بوون نەبوو، هەڵبەتە چەند شیعرێکم لە گۆڤارێکی ئەدەبی هەنگاری بڵاوکردەوە، بەڵام هەلء تواناکانم بۆ بڵاوکردنەوە، لە هەمان شوێندا کۆتایی هات.
دوای چەند ساڵێکی پڕ لە کاری سەختء زەحمەت، سەرکەوتمء توانیم بە زمانی فەرەنسی کۆتایی بە دوو شانۆگەری بهێنم. بەتەواوی نەمدەزانی چیان لێ بکەم؟ ئەمانە بۆ کوێء بۆ کێیان بنێرم؟
یەکەمین شانۆگەری پێشکەش کراوم بە ناوی John et joeبوو کە لە (بیسترۆ) یەکدا لە قاوەخانەی

دومارشه cofe du march له نوشاتل پێشکەش کرا. ڕۆژانی هەینیء چوار شەممان چەند ئارەزوو مەندێکی ناپیشەیی له وێدا له دوای خواردنی ئێواره، یانەیەکی شەوانەیان ڕێک دەخست. بەم جۆره ڕەوتی کاری من به ناوونیشانی شانۆنامەنووس دەست پێ دەکات. سەرکەوتنی ئەو شانۆ گەرییەی که چەندین مانگ له سەر تەختەی شانۆ بوو، لەو ڕۆژگاریدا بەختەوەرییەکی گەورەی بۆ من هێناو به گەرموگوڕییەوه دڕیژەم به نووسین دا. دوو ساڵ پاشتر، شانۆگەرییەکی ترم له تەماشاخانەی تارن تول Taren tule له سانت ئۆبن Saint Aubin که گوندێکی بچووکه له نزیک نوشاتل، دێته سەر شانۆ، ئەوەشیان هەر لەلایەن هونەر پەروەرانی ناپیشەییەوه پێشکەش دەکرێت.

وا پێدەچێت که پێشوەچوونی کارەکەم لێرەدا بوەستێتء بەمەش دەیان دەستنووسم له نێو چەکمەزەدا هێدی هێدی دەپووکێنەوه.خۆشبەختانه یەکێک ئامۆژگاریم دەکات که کارەکانم بۆ ڕادێو بنێرم. ئەمەش سەرەتای ڕەوتی کارێکی تره، واته

نووسەری ڕادێویی، لێرەدا بەرهەمەکانم بە هۆی هونەرمەندانی پیشەییەوە پێشکەش دەکرێن،یان دروستتر بڵێم دەخوێندرێنەوەو مافی دانانەکەشی ڕاستەوخۆ وەردەگرم. لە میانەی ساڵی 1978، 1983 دا ڕادیۆی سویسرا ڕۆماند Radio Swiss Rom Andeپێنج شانۆگەری من پێشکەش دەکات، تەنانەت بە بۆنەی ساڵیادی منداڵ، بۆ نووسینی دەقێکی شانۆیی ڕادەسپێردرێم. بەم جۆرە واز لە شانۆگەری ناهێنم. لە ساڵی 1983 دا ڕەزامەندی لە سەر هاوکاری کردنم بە قوتابخانەی شانۆگەری بنکەی ڕۆشنبیری نوشاتل وەردەگرم. ئەرکی من نووسینی شانۆگەرییەکی ڕاهێنانییە بۆ پازدە قوتابی، دڵم زۆر بەو کارە خۆش دەبێت. لە هەموو ڕاهێنانەکان بە شداری دەکەم خولەکانی فێرکاری بە شێوەیەکی ئاسایی بە هەموو جۆرە ڕاهێنانێکی شیاوی جەستەیی دەست پێدەکات ئەو ڕاهێنانء مەشقانە، من دەخەنەوە یادی شتێک کە لە قۆناغی منداڵیدا ئەنجاممان دەدا. منء براکەم، یان هاوڕێ کچەکەمء من، مەشقەکانی بێدەنگی، دانیشتن، ڕۆژە....دەست دەکەم بە نووسینی بابەتی

زۆر کورتی پەیوەست بە یادەوەری منداڵی، هێشتا زۆر بە دووری دەزانم کە ڕۆژیکیان ئەو بابەتە کورتانە ببنە کتێب، بەم جۆرە دوای دوو ساڵ دەفتەرێکی گەورەم لە سەر مێزەکەمدا هەیە کە چیرۆکێکی ڕێکء پێکە لە گەڵ سەرەتاو کۆتایی وەکو ڕۆمانێکی دروست. هێشتا دەبێت تایپی بکەم، هەڵەچنی بکەم، دووبارە تایپی بکەمەوە، ئەوەی کە زیادە لای بدەم، هەڵەچنی بکەمەوە......
دیسان هەڵەچنی بکەمەوە...تا دەقەکە بە شیاوی پێشکەش کردنء خستنە ڕوو بزانم.
لێرەدا هێشتا بە تەواوی نازانم دەبێ چی لەو دەقە بکەم!؟ بۆ کێی بنێرم؟ بیدەمە کێ؟ هیچ بڵاوکارێک ناناسم! کەسی واش ناناسم بڵاوکارێک بناسێت! هەر لە خۆمەوە بێ زانین بیر لە بڵاوکەرەوەی (لاژدۆمHommne ،) Lage dدەکەمەوە، بەڵام هاوڕێیەک پێم دەڵێت: ((دەبێت لە گەڵ سێ بڵاوکەرەوەی گەورەی پاریس دەست پێ بکەیت؟)) ئەو ناوونیشانی سێ بڵاوکەرەوەم بۆ دێنێت (گالیمار – گراسە –سوی) سێ دانە لە دەقەکەم ئامادە دەکەمء بە سێ دەستە دەیانبەستمء سێ نامەی وەکو یەکیش

دەنووسم: (جەنابی بەڕێوەبەر...) ئەو ڕۆژەی کە هەر سێکیان دەبەمە پۆستخانە، بە کچە گەورەکەم دەڵێم :

-ڕۆمانێکم تەواو کردووە.

پێم دەڵێت: بەڕاستی؟ لەء بڕوایەدای کەسێک هەبێت چاپی بکات؟

-دەڵێم: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، لە ڕاستیدا هەتا بۆ تاوێکیش دوو دڵ نابم، لەو بڕوایەدامء دڵنیاشم کە ڕۆمانەکەم، ڕۆمانێکی باشەو بێ هیچ گرفت بڵاء دەکرێتەوە. لەم ڕووەوە زیاتر سەرسامم تا دڵگیربوون، کاتێ دوای چوار، یان پێنج حەفتە، دەقی ڕۆمانەکەم لەلایەن گالیمارء پاشان گراسە بە ئەدەبانەء ڕەسمییەوە بە پەسندنەکراوی دەگەڕێنەوە. لە بەر خۆمەوە دەڵێم: دەبێ بەدوای بڵاوکەرەوەیەکی تردا بگەڕێم.

دوای نێوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی سەرماوەز لە لایەن ژیل کارپنتێر لە بڵاوکەرەوەی سوی تەلەفۆنم بۆ دەکرێتء پێم دەڵێت: تازە لە خوێندنەوەی دەقی ڕۆمانەکەت بوومەتەوە، چەندین ساڵە شتی وا جوانم نەخوێندۆتەوە، هەروەها دەڵێت: دووبارە دەقەکەم

خوێندەوەو بڕیارە بڵاوی بکەینەوە، بەڵام کارەکە پێویستی بە ڕەزامەندی چەند کەسێکی تریش هەیە، دوای چەند هەفتەیەکی تر تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە، هەفتەیەک دواتر تەلەفۆنم بۆ دەکاتء دەڵێت (گرێبەستی چاپ کردنی کتێبەکەت ئامادە دەکەم.(
دوای سێ ساڵ لە گەڵ وەرگێڕەکەمدا ئەریکا توفۆڤن لە شەقامەکانی بەرلین پیاسە دەکەم. لە بەردەم کتێبفرۆشەکان دەوەستین، لە ناو جامخانەکاندا دووەم ڕۆمانی من، بەر لە خۆمء لە ماڵەوەم لە ناو ڕەفەی کتێبەکانمدا(دەفتەری گەورە) بۆ هەژدە زمان وەرگێڕدراوە.
سەر لە ئێوارە لە بەرلین ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبیم هەیە. خەڵکی دێن بمبینن، گوێم لێ بگرن، لە بارەی کتێبەکانمەوە، ژیانم، چۆنیەتی بوونم بە نووسەر......پرسیارم لێ بکەن، وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە(چۆن بووم بەنووسەر؟) بەم جۆرەیە، ئادەمیزاد دەبێتە نووسەر ئەگەر بەخۆڕاگریء پشوودرێژیء مکوڕ بوون بنووسێت! بێ ئەوەی بڕوایی بە ئەوەی کە دەینووسێت، لە دەست بدات.

نەخوێندەوار
ڕۆژێکیان دراوسێ هاوڕێکەم پێم دەڵێت: بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیم سەبارەت بە کرێکارانی ئافرەتی بیانی بینیوە، ئەوانەی بە درێژایی ڕۆژ لە کارخانە ئیش دەکەنء شەوانەش خەریکی ئیشء کاری ماڵء منداڵ دەبن.
-ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە من لە کاتی هاتنم بۆ سویسڕا ئەنجامم داوە، دەڵێت: وێڕای ئەمە، ئەوان تەنانەت زمانی فەڕەنسیش نازانن!
-منیش نەمدەزانی.
هاوڕێکەم دڵگیر دەبێت لەوەی کە ناتوانێت ئەو بە سەرهاتە پڕ لە کاریگەرییەی ئافرەتانی بیانیم بۆ باس بکات کە لە تەلەڤزیۆن بینیویەتی! ئەو ڕابردووی منی بەڕادەیەک لە بیر کردووە کە

ناتوانێت بێنێتەوە بەر چاوی خۆی کە من لە هەمان جۆری ئەو ژنانەم کە زمانی وڵاتی میواندار نازانن. لە کارخانە ئیش دەکەنء شەوانیش کارو باری ماڵەوە ڕادەپەڕێنن.

ئەوانە بە بیر خۆم دێنمەوە، کارخانە، شت کڕین، منداڵ، خۆراک، زمانی نەناسیاو.... بە زەحمەت دەتوانیت لە کارخانە گاڵتە بکەیت، ئامێرەکان دەنگء هەرایەکی زۆریان لێوە دێت. تەنیا لە شوێنی دەستشۆرینء لە کاتی جگەرە کێشانێکی خێرادا دەتوانیت قسە بکەیت. هاوڕێیە کرێکارەکانم زانیارییە بنەڕەتییەکانم فێر دەکەن، لە ڕێگەی نیشاندانی دیمەنی (ڤال دو روز) پێم دەڵێن(هەواکە خۆشە) بە دەست لێدانم وشەگەلی ترم فێر دەکەن: موو، باسک، دەست، دەم، لووت، ....تاد. سەر لە ئێوارە بە منداڵەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە. کاتێ لە گەڵ کچە بچکۆلەکەم بە زمانی هەنگاری قسە دەکەم، بەسەرسامییەوە زەینم دەداتێء تەماشام دەکات. جارێکیان دەست بە گریان دەکات، چونکە من تێی ناگەم، جارێکی تریش چونکە ئەو لە من ناگات!

دوای هاتنم بۆ سویسڕا بە پێنج ساڵ، بە فەڕەنسی قسە دەکەم. بەڵام ناتوانم بخوێنمەوە، دیسان بوومەتەوە بە نەخوێندەوارێک!.... کە لە چوار ساڵییەوە دەمتوانی بخوێنمەوە!
وشەکان دەناسم، بەڵام کاتێ دەیانخوێنمەوە ئەم جارەیان نایانناسمەوە! پیتەکان بۆ من هیچ واتایەکیان نییە. زمانی هەنگاری، زمانی فۆنەتیکە، زمانی فەڕەنسی بە تەواوی پێچەوانەی ئەوە. نازانم چۆن توانیم پێنج ساڵ بەبێ خوێندن بە سەربەرم.
مانگی جارێک گۆڤارێکی ئەدەبی هەنگاری بەناوی Gazette Littera ire Hongraiseدەهات، لەوکاتیدا شیعرەکانی خۆم چاپ دەکرد. هەروەها کتێبی هەنگاریایش هەبوو کە لە ڕێگەی نووسین بۆ کتێبخانەی ژنێڤ دەستمان دەکەوتء زۆربەیانمان خوێندبووەوە، بەڵام ئەوە گرینگ نەبوو! بەڵکو گرینگ ئەوەیە کە جارێکی تر بخوێنینەوە تا ئیدی هەرگیز نەیخوێنینەوە! خۆشبەختانە توانای نووسینیش هەبوو.
منداڵەکەم ماوەیەکی تر دەبێتە شەش ساڵیء دەچێتە قوتابخانە! منیش دەچمە قوتابخانە، بۆ قوتابخانە

دەگەڕێمەوە. لە تەمەنی بیستء شەش ساڵی لە خولەکانی هاوینەی زانکۆی نوشاتل ناوی خۆم دەنووسم تا فێرە خوێندن بم، بۆ قوتابیانی بیانی خولەکانی فێر بوونی زمانی فەڕەنسی هەیە. لە وێدا ئینگلیزی، ئەمریکایی، ئەڵمانی، سویسڕی هەن، تاقیکردنەوەی وەرگیران بە نووسینە، زۆر خراپ وەڵام دەدەمەوەء لە پۆلی فێر بوونی سەرەتاییم دادەنێن، دوای چەند وانەیەک مامۆستا پێم دەڵێت:
تۆ زۆر باش فەڕەنسی قسە دەکەیت! بۆچی لە قۆناغی سەرەتاییت؟ پێی دەڵێم: ناتوانم بخوێنمەوەء بنووسم، من نەخوێندەوارم، پێدەکەنێت!
-پاشان دەبینین!
دوو ساڵ پاشتر بە پلەی نایاب بڕوانامەی زمانی فەڕەنسی وەردەگرم. دەتوانم بخوێنمەوە، سەر لەنوێ دەتوانم بخوێنمەوە! ڤیکتۆر هۆگۆ، ڤۆڵتێر، سارتەر، کامۆ، میشۆ، فڕانسیس بۆنژ، ساد...تاد هەرچییەکم بوویێت، بەزمانی فەڕەنسی بیخوێنمەوە، دەتوانم بیخوێنمەوە، هەروەها نووسەرانی غەیرە فەڕەنسیش کە کارەکانیان بۆ زمانی فەڕەنسی وەرگێڕدراون: فۆکنەر، شتاین بەگ، هەمنگوای،

ئەمە دنیایەک کتێبە....ئەو کتێبانەی سەرەنجام دەتوانم تێیان بگەم. دوو مندالْی ترمان دەبێت، لە گەڵ ئەوانیش پڕۆڤەی خوێندنەوە دەکەم! ڕەوان نووسینء حالْەتەکانی فرمانء...........
کاتێک لە واتای وشەیەک، یان دروست نووسین لێم دەپرسن! ئیتر هەرگیز نالْێم: نازانم، بەڵکو دەلْێم تەماشا دەکەم، دەگەڕێمەوە سەر فەرهەنگی وشەکان، ماندوونەناسانە تەماشای دەکەم. دەبمە خوێنەرێکی تامەززرۆی فەرهەنگی وشەکان. دەزانم هەرگیز ناتوانم بەو فەڕەنسییە بنووسم کە نووسەرانێکی زگماکی فەڕەنسایی پێی دەنووسن، بەڵام ئەوەندەی دەتوانم دەنووسم، بە باشترین شێوە کە بتوانم. خۆم ئەو زمانەم هەڵنەبژاردووە، قەدەرو هەلو مەرجەکان بەسەریاندا سەپاندووم! نا چارم بە فەڕەنسی بنووسم. بۆ من قورسء زەحمەتە، گرفتێکە بۆ نەخوێندەوارێک.

نووسەر لە چەند دێرێکدا:

خاتوو ئاگوتا کریستۆف لە ساڵی 1935 لە هەنگاریا لە دایک بووە، لە گەڵ شۆڕشی 1956 دا وەکو زۆربەی هاووڵاتیانی خۆی، وڵاتەکەی بەجێ هێشتووە، دوای مانەوەیەکی کەم لە نەمسا، وەکو پەنابەر ڕووی کردووەتە سویسراء بە پێی ڕیکەوتننامەو دابەشکاری لە شاری (نوشاتل) ی فەڕەنسی زماندا نیشتەجێ بووە، لە کارخانەیەکی کاتژمێرسازیدا دایدەمەزرێنن ء بە هێواشیء زەحمەت زمانی فەڕەنسی فێر دەبێت. هەر بە هەمان زمانیش کتێبەکانی خۆی دەنووسێت. لە سۆنگەی کۆمەڵە بەرهەمەکانیەوە لە ساڵی 2001 دا خەڵاتی (گۆتفرید کیللەر Gotfried keller وەردەگرێت. هەروەها خەڵاتی تریشی وەرگرتووە.

پێڕست

بەر لە خوێندنەوە ........................................ 3

سەرەتا ............................................... 5
لە گوتنەوە تا نووسین ..................................... 11
شیعر ............................................... 17
گاڵتە جاڕی ............................................. 23
زمانی دایکـ زمانەکانی دوژمن ............................... 29
مردنی ستالین ............................................ 34
یادەوەری ............................................... 42
خەڵکە ڕاگوێزراوەکان ..................................... 49
بیابان ............................................... 55
چۆن دەکرێ ببیتە نووسەر ................................ 61

نەخوێندەوار ........................................
69

لەم سەر چاوەیەوە کراوە بە کوردی
زبان مادری (داستان(
اگوتا کریستف
مترجم از فرنسی : چنگیز پهلوان
نشر ابی، چاپ اول، تهران، 1386

بڵاوکراوەکانی ساڵی 2010ی بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ ناوی کتێب ناوی نووسەر بابەت
لاپەرە نرخ
39 ناساندنی ڕەخنەی سینەمایی خالید
حەمەلاو هونەری سینەما 128 1000
40 پۆپەری کڵولڕ ء کڵۆڵیی هەمیشەیی
لیبڕالیزم محەمەد مشیر لێکۆڵینەوە
112 1000
41 زمان گێڕانەوە، کۆدی دافنشی
عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵالێکۆڵینەوە
96 1000
42 ئەسمەرو مامەر عەبدوڵا هەرشەمی
چیرۆکی فۆلکلۆری 96 1000
43 هموم کوردستانیه فائق جمیل
وتار 112 1000
44 مرۆڤاو سەدرەدین نورەدین پەخشان
80 1000
45 زمانی دایک و. کەریم سۆفی نۆڤلێت
80 1000